**یەکەم: پێناسەی بابەت**

ئەم بابەتە چەمك، بوارەکان،تایبەتمەندییەکان، ئامرازەکان وکێشەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە خۆ دەگرێت، هەروەها ئاماژە بە کاریگەرییەکانی گەشەندن وپێشکەوتنی هاوچەرخ لەسەر بابەتی راگەیاندنی نێودەولەتی وسیستەمی راگەیاندنی نێودەوڵەتی نوێی دەکات وچۆنیەتی جێبەجێ کردنی لەسەر ئاستەکانی نیشتمانی و هەرێمی دەخاتەروو.

**دووەم: ئامانجەکانی بابەتەکە:**

ئامانجە گشتیەکان:

1-ئاشنا کردنی قوتابی بە بنەما وبنچینەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی.

2-خستنەرووی پەیوەندی کۆمەلگاکان لەگەل راگەیاندنی نێودەوڵەتی وشێوازەکانی.

3- فێربوونی تاوتوێ کردن ودانوستاندن وبەئەنجام گەیاندن.

ئامانجە تایبەتیەکان:

1- فێربوونی چەمکەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی وچۆنیەتی مامەلە کردن لەگەل رای گشتی نێودەوڵەتی.
2- فێربوونی شێواز ورێگاکانی مامله کردن لە گەل لایەنەکانی دیکە وشێوازە پێویستەکان بۆ ئەم مەبەستە.
3- دیاری کردنی تایبەتمەندی لایەنگر وکەسانی بیانی وشێوازەکانی مامەلە کردن وپەیوەندی کردن لە گەلیان.
4- خزمەتکردن بە دۆزی کورد لە ریگەی تەوزیف (بەکارهێنانی) ئامرازەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی لەم بوارەدا.

سێیەم: خشتەی بابەتەکە لە کۆرسێکدا

| هەفتە | بابەتەکان |
|---|---|
| یەکەم | چەمکی گەیاندنی نێودەوڵەتی وڕاگەیاندنی نێودەولەتی، ئەرکەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی وتایبەتمەندیەکانی |
| دووەم | شێواز وئامرازەکانی گەیاندنی نێودەولەتی / تایبەمەتمەندیەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری وپەیوەندیکردنی ئێستا |
| سێیەم | راگەیاندنی نێودەوڵەتی وبەرێوەبردنی ململانێیەکان / راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە چوارچیوەی سیاسەتی دەرەوەدا / راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا |
| چوارەم | راگەیاندنی نێودەوڵەتی وبەرێوەبردنی ململانێیەکان / راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە چوارچیوەی سیاسەتی دەرەوەدا / راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا |
| پێنجەم | نەخشەی راگەیاندن |
| شەشەم | ڕۆژنامەگەری نێودەوڵەتی |
| حەوتەم | ئاژانسەکانی هەوال |

| | |
|---|---|
| هەشتەم | ئاژانسەکانی هەوال |
| نۆییەم | ئێزگەی نێودەوڵەتی |
| دەیەم | سیستەمی راگەیاندنی نێودەولەتی (دووانەیی سیستەمی راگەیاندن:سیستەمی راگەیاندنی نێودەوڵەتی ڕۆژئاوا، سیستەمی رێگەیاندنی ڕۆژهەلات) |
| یازەهەم | سیستەمی راگەیاندنی نێودەولەتی (دووانەیی سیستەمی راگەیاندن:سیستەمی راگەیاندنی نێودەوڵەتی ڕۆژئاوا، سیستەمی رێگەیاندنی ڕۆژهەلات) |
| دوازدەهەم | راگەیاندنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا |
| سێازدەهەم | راگەیاندنی فەرەنسی – ئیسرائلی |
| چواردەهەم | راگەیاندنی ئەلیکترۆنی ورۆلی لە راگەیاندنی نێودەوڵەتیدا |

**راگەیاندنی نێودەوڵەتی**

**چەمکی پەیوەندی نێودەولەتی وراگەیاندنی نێودەولەتی**

پێناسەی یەکەم کە پێناسەی محمد علي العوينيه دەڵێت (راگەیاندنی نێودەوڵەتی ئامرازێکە لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە ولەگەڵ ئامرازەکانی دیکە بە یەکەوە کار دەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی ئەم سیاسەتە، لە سەرووی ئەم ئامانجانە جێبەجێ کردنی بەرژەوەندی نیشتمانی دەولەت دێت، ئەم ئامانجانە بە پێ قەبارە وقورسایی ورۆلی دەوڵەت لە سیستەمی نێودەولەتیدا دەگۆرێت).

پێناسەی دووەم کە پێناسەی احمد بدر فيريه ( راگەیاندنی نێودەوڵەتی بریتیە لە گەیاندنی هەوال وزانیاری راست ودروست بە جەماوەری وڵاتانی دیکە بە ئامانجی کاریگەری کردن لەسەر ئەو جەماوەرە ورازیکردنیان بە دادپەروەری کێشەکانی دەوڵەت. بەم شێوەیەش جەماوەری وڵاتانی دیکە گوزارشت لە هەڵوێستی ئەم دەوڵەتە دەکەن).

- کەواتا ناتوانین پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ راگەیاندنی نێودەوڵەتی بکەین هۆکارەکەشی بۆ ئەم خالانەی خوارەوە دەگرێت:

1- تێکەل بوون و بوونی پەیوەندی لە نێوان راگەیاندن وپرۆپاگەندەی نێودەولەتی.
2- بوونی تێکەلێەك وئالۆزیەکی چڕ لە نێوان ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری، ڕۆژنامەکان، ئێزگە وتەلەفزیۆن وئامرازەکانی پەیوەندی هاوچەرخ..وهتد. ئەم تێکەلیە چڕە وای کردوە نەتوانرێ بە ئاسانی جیاوازی لە نێوان راگەیاندن وپەیوەندی بکرێت، چونکە ئەوەی هەڵدەستێت بەئەنجامدانی پەیوەندی لە راگەیاندن وپەیوەندی نێودەوڵەتیدا، دەتوانی سەرجەم ئامرازەکانی راگەیاندن بەکار بهێنێت.
3- تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردنی هاوچەرخ ونزیکی وتێکەلی نێوان راگەیاندن وئامرازەکانی پەیوەندی وزانیاری، جیاوازی نێوان راگەیاندنی نیشتمانی، نەتەوەیی، ناوخۆیی ونێودەوڵەتی کەم کردۆتەوە. چونکە هەر یەك لەم راگەیاندنانە دەتوانێت سنوری سیاسی دەوڵەتەکە ببزێنێت.

4- راگەیاندنی نێودەوڵەتی بۆتە جیگای بایەخدانی لیكۆلەرەوان لە پسپۆری جیا جیادا، ئەمەیش وای کردوە کەوا چەمکی جیاواز سەبارەت بە راگەیاندنی نێودەوڵەتی بخاتە روو.

**جیاوازی نێوان راگەیاندنی نێودەوڵەتی وپەیوەندی نێودەوڵەتی :**

- پێش هەموو شتێك پێویستە جیاوازی لە نێوان راگەیاندن (کە بە مانای گەیاندنی هەوالی دروست، زانیاری راست وراستیە جێگیرەکان دەگەیێنێت بۆ خەلك کە ئەمەیش یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی بۆچونێکی راست ودروست دروست بێت بەرانبەر بە رووداوێك لە رووداوەکان. ئەم بۆچونە بۆچونێکی بابەتیانەیە کە تەعبیر لە عەقلیەتی جەماوەر وئاراستەکانیان دەکات) وپرۆپاگاندە بکەین کە بە مانای (هونەری اقناع کردنی زۆرینەی خەڵکە وهەولێکە بۆ کار تێکردن لەسەریان لە رێگەی ئاماژە پێکردن).
- دەتوانین پێناسەی پەیوەندی نێودەوڵەتی بەم شێوەیە بکەین: (بریتیە لە کۆمەلە چالاکی وهەول وکۆشش کە لە لایەن دەوڵەتێك یان گروپێك یاخود دەزگایەك ئەنجام دەدرێت لە دەرەوەی وڵاتەکە بە ئامانجی اقناع کردنی (رازی کردنی) لایەنی بەرانبەر بۆ قبول کردن وجێبەجێ کردنی ئامرازە سیاسییەکان یان ئابووریەکان یاخود هزریەکان یانیش ئاینیەکان لە ریگەی بلاوکردنەوەی هزر وزانیاری وبۆچونەکان بە سوود وەرگرتن لە ئامراڤەکانی پەیوەندی کردن بە جەماوەر وئامرازە جیا جیاکان.
- چەمکی پەیوەندی نێودەوڵەتی بە بەراورد لەگەڵ چەمکی راگەیاندنی نێودەوڵەتی فراوانتر وگشتگیرتر وورترە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ئامانجە سیاسییەکاندا پەیوەندی هەبێت بۆ جێبەجێ کردنی. چونکە جێبەجێ کردنی ئامانجە سیاسییەکان تەنها بریتیە نییە لە بەکارهێنانی راگەیاندن بەڵکو پشت بە سەرجەم ئامراز وشێواز وهونەرەکانی پەیوەندی کردنەوە هەیە وەك راگەیاندن وپرۆپاگەندە وتەنانەت فیلم وزنجیرەی دراما.
- زۆرینەی سەرچاوە ولێکۆڵینەوە بیانیەکان، چەمکی پەیوەندی نێودەوڵەتی لە جیاتی راگەیاندنی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنن.
- فۆرتز پەیوەندی نێودەوڵەتی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: (بریتیە لە پرۆسەی پەیوەندی کە لە رێگەی سنوری نێودەولەتیەوە روودەدات، یان ئەوە پەیوەندیەیە کە سنورەکان دەبەزێنێت).
- الین دەڵێت راگەیاندنی نێودەوڵەتی جیاوازە لە پەیوەندی نێودەوڵەتی، بە جۆرێك پەیوەندیکردن فراوانتر وگشتگیرترە لە راگەیاندنی نێودەولەتی لەگەڵ ئەوەشدا تێکەل بوون ولە یەکتر نزیکبوونی ئامرازەکانی راگەیاندن وئامرازەکانی پەیوەندی زانیاری وای کردوە کە نەتوانرێت جیاوازی لە نێوان راگەیاندنی نێودەوڵەتی وپەیوەندی نێودەوڵەتیدا بکرێت.
- ئێمە چەمکی راگەیاندنی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنین چونکە راگەیاندن بە واتای ورردی وبابەتی وراستیی دێت بە شێوەیەکی دیکە بە مانای گواستنەوەی راستیەکان دێت سەبارەت بە دەوڵەت، ئەمەیش لەسەر بنەمای ئەوەی کە راگەیاندن مامله لە گەل ئەقل دەکات نەوەك غەریزە.
- زۆر گرنگە ئەمە بزانین کە راگەیاندنی نێودەوڵەتی وپرۆپاگەندنی نێودەوڵەتی هەردوکیان بەشێك لە رووداوێك کە پێ دەوترێت پەیوەندی نێودەولەتی.
- راگەیاندنی نێودەولەتی بەکاردەهێنین چونکە لە زمانی راگەیاندنی هاوچەرج باوترە.

**ئەرکەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی وتایبەتمەندیەکانی**

**راگەیاندنی نێودەوڵەتی چەندین ئەرك بەجێ دەگەێنێت کە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت لە خۆ دەگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:**

1-بلاوکردنەوەی زانیاری وئەو بیرۆکانە کە بە شێوەیەکی ئەرێنیانە کاریگەری هەیە لەسەر ناو وپێگەی دەوڵەت.

2-دەربرینی سیاسەتی دەوڵەت وراڤەکردنی هەڵویستەکانی بەرانبەر دۆز وکێشە نێودەولەتیەکان وکار کردن بۆ رازیکردنی لایەنی بەرانبەر بە رەوایی وگرنگی ئەم هەڵوێستانە.

3- رووبەرووبونەوەی ئەو پرۆپاگەندانە کە دژی دەوڵەت لە دەرەوەی خاکەکەیدا بەرێوەدەچێت.

- سەبارە بە رێکخراو وگروپەکان ودام ودەزگاکان، ئەوە پرۆسەی پەیوەندی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەگۆردرێت بە پێ سروشتی ئەو چالاکیانە کە پیێ هەلدەستێت وئەو ئامرازانەی کە هەول دەدات جێبەجێان بکات.

**ئەو فاکتەرانە کە کار لەسەر سەرکەوتنی یاخود شکست هێنانی پرۆسەی راگەیاندنی نێودەوڵەتی دەکەن:**

1. گرنگی وپێویستی ئامادەکردنی پلانێکی زانستی ورێکخراو بۆ راگەیاندنی نێودەوڵەتی.
2. گرنگی بەستنەوە ودانانی پەیوەندیەکەی توخمە لە نێوان راگەیاندنی نێودەوڵەتی وکاری دیبلۆماسی.
3. گرنگی هەلقولانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە زمانی بەرژەوەندیەکان ودوورکەوتنەوەی لە زمانی سۆز (عاتیفە) وهەلچون، چونکە راگەیاندنی نێودەوڵەتی هەول دەدات بۆ دانانی پەیوەندی بەرژەوەندی ودروست کردنی ئامرازەکانی پەیوەندی کردن بە بەرژەوەندیەکان.
4. گرنگی دانانی پەیوەندی وتێکەل کردن وهەماهەنگی کردنی تەواو لە نێوان راگەیاندنی نێودەوڵەتی وچەندین ئامرازی دیکە کە پالپشتی بکات وەك:
    1. رۆشنبیری سیاسی وپرۆسەی ئالوهگۆری رۆشنبیری.
    2. سیاسەتی گەشت وگوزار وپرۆسەی کرانەوەی شارستانی.
    3. سیاسەتی پێشکەش کردنی یارمەتی ئابووری وهونەری.

**رێگا وشێوازەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی وئامرازەکانی:**

- **پەیوەندی نێودەوڵەتی دوو شێوازی هەیە:**

شێوازی یەکەم: ئەم شێوازە بریتیە لە شێوازێکی فەرمی یاخود پرۆتوکۆلی ولە رێگەی کەنالە فەرمیەکانەوە تێدەپەرێت ولە ژێر چەتری ئەواندایە.

شیوازی دووەم: بریتیە لەم چالاکیانە کە پەیوەندی جەماوەری بەکار دەهێنێت دوور لە رێکەوتننامە دیبلۆماسی وپرۆتۆکۆل ولە ژێر کۆنترۆلی دەوڵەتی ئامانجدا نییە.

**رێگاکانی شێوازی یەکەم (کەنالە دیبلۆماسیەکان یاخود فەرمیەکان):**

1. دەرهێنانی بلاوکراوە وچاپەمەنیە جۆراوجۆرەکان کە تیایاندا مێژوو، شارستانیەت وگەشت وگوزار، پیشەسازی دەوڵەتەکە بە شێوەیەکی ئەرێنی باس دەکات.

2. ئەنجامدان وریکخستنی کۆر وکۆبونەوە وگۆنگرە وسیمینار سەبارەت بە بابەتە جیاجیاکانی وەك سیاسی،هزری، هونەری، رۆشنبیری، مێژووی، ئەدەبی کە لە رووی راگەیاندن وریکلامەوە خزمەت بە ئامانجی دەوڵەتەکە دەکات.
3. نمایشکردنی فیلمی جۆراوجۆر کە بە شێوەیەکی باش باس لە وڵاتەکە دەکات لە رووی دەستکەوتەکان، وپێشکەوتن وشارستانیەتی دەوڵەتەکە وخستنەرووی ئەو بابەتانەی کە تیادا تاکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.
4. پێشکەش کردنی بابەتی اعلامی جۆراوجۆر لە رێگەی زانیاری وچاپکراوەکان، وێنە وبەرنامەی رادیو وفیلمی سینەمایی بە دەزگاکانی راگەیاندنی وڵاتی ئامانج لە رێگەی ئالوگۆرکردن یان پێشکەش کردن یاخود فرۆشتنەوە.
5. رێکخستنی بەرنامە وپرۆگرام بۆ سەردانی شاندی هەر دوو لا کە نوێنەری رێکخراوە سیاسی، هونەری، رۆشنبیری، اعلامی وکەسایەتی ناسراوەکانن لەم بوارانەدا.
6. پێدانی زانیاری سەبارەت پێشهاتەکانی وڵات وراڤەکردنی سیاسیەتی دەوڵەت بەرانبەر رووداوە ناوەخۆیی ونێودەوڵەتیەکان بۆ ئەو هاولاتیانەی دەوڵەتەکە کە لە دەرەوەی وڵاتن.
7. بەکارهێنانی رێکلام بازرگانی لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکان ودەزگاکانی راگەیاندنی جۆراجۆر بە پێ پێویست بە مەبەستی رێکلام کردن بۆ بەرهەمی نیشتمانی لە دەرەوەی وڵاتدا.

**شێوازەکانی رێگای دووەم (کە دوورە لە ریگە دیبلۆماسیەکان)**

1. ئیزگە (کەنالەکانی رادیۆ) تا ئێستا یەکێکە لە کاریگەرترین ئامرازەکان لەم بوارەدا، چونکە تایبەتمەندی گەیاندنی رووداو وزانیاری وهەوالی هەیە بە شێوەیەکی زۆر خێراو لە نێوان شوێنە دوورەکان، ئەم زانیاریانە گوارستراوانەیش دەنێردرێتە جەماوەر بە بێ جیاوازی جا جەماوەرەکە نەخوێندار بێ یان خوێندەوار بێت بە شێوەیەکی یەکسان.
2. کەنالەکانی تەلەفزیونیش توانای برینی رێگای دووری هەیە لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە.
3. ڕۆژنامەکان بەلام ئەمەیان پەیوەستە بە رەزامەندی دەوڵەتان بۆ تێپەرێنیان لە سنورەکانیان.
4. ئاژانسەکانی هەواڵ کە یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی هەوالەکان وگواستنەوەی ودابەشکردنی لەسەر ئاستی جیهان.

**تایبەتمەندییەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی:**

چەند تایبەتمەندیەکە هەیە پەیوەندی نێودەوڵەتی لە پرۆسەکانی دیکە جیا دەکات، گرنکترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

1. ئەنقەسدی: واتا هەوڵدانی بە ئەنقەستی ئەو دام ودەزگاکانەیە کە لە بواری پەیوەندیکردن کار دەکەن بە گەیشتن بە جەماوەرێکی دیاریکراو لە دەوڵەتێکی دیاریکراودا.
2. بوونی ئامرازەکانی پەیوەندی کردنی جەماوەری، ئەمەیش تایبەتە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووە بۆ ئەوەی پەیامەکان بە روونی وبێ گەردی بگەێنێتە جەماوەر لە دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتانی دیکە.

3. هەمەشەنکردنی ناوەرۆکەکان، بە شێوەیەك بتوانێت پێداویستی وئارەزووی کەرتێکی فراوان لە جەماوەر لە دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی دیکە بهێنێتە دی، لەم چوارچێوەیدا دەکرێ ئەم ناوەرۆکە پێك بێت لە بەرنامەی تەرفیهی یان هەواڵ یاخود......هتد.
4. تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیری، واتا نابێ رەهەندەکانی رۆشنبیری پەراوێز بخرین لە پرۆسەی پەیوەندی نێودەوڵەتی، چونکە ئامرازەکانی پەیوەندی کردن جەماوەری هەندێك سێمبول لە خۆ دەگرێت کە مانای رۆشنبیری هەیە، سەبارەت بەم تایبەتمەندیە دوو بۆچون هەیە:

أ- بەشێك پێ وایە پەیوەندی نێودەوڵەتی بریتیە لە گواستنەوەی بەها رۆشنبیریەکان وئەخلاقی کۆمەلایەتی ئەو دەوڵەتانە کە کنترۆلی سیستەمی زانیاری نێودەوڵەتی دەکەن، لەئەنجامدا داگیرکردنی رۆشنبیر روودەدات.

ب- بەشێکی دیکە پێیان وایە گەلان ودەوڵەتان ناتوانن داگیرکردنی رۆشنبیری رەت بکەنەوە، وترسیش لە داگیرکردنی رۆشنبیری نییە چونکە هەر گەلێك خاوەن رۆشنبیریەکی قولە کە بۆ کەلەپورێکی قولتر دەگەرێتەوە وئەمەیش بەش بەحالی خۆی رێگا بە داگیرکردن وهێرشی رۆشنبیری نادات.

5. تایبەتمەندی سیاسی، مەبەست لێ لایەنە سیاسییەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتیە وبریتیە لە ئامانجە سیاسییە راستەوخۆکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی وکاریگەری ودەرئەنجامەکانی لەسەر پەیوەندی نێوان وڵاتان.
6. تایبەتمەندییە ئابووریەکان، مەبەست لێ ئابووریەکانی پەیوەندی کردنە بە واتای تێچووی بوون بە خاوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی کردنە کە بتوانێ سنورەکان تێپەرێنێ.

-دوای پێشکەوتنە تەکنەلۆجیەکان، دەست کرا بە گرنگیدان بە لایەنە ئابووریەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی وبەکارهێنانی تەلەفزیۆنی نمرەیی وپەخشکردن لە رێگەی مانگی دەستکرد یان بە شێوازی زانیاری خێرا.

-شێوازی زانیاری خێرا: پرۆسەیەکی تەکنەلۆجیە هەوڵ دەدات توانای ئێستای گواستنەوەی زانیاریەکان، وێنەکان ودەنگەکان بە شێوەیەکی زۆر خێرا وسەرنج راکێش، بەرزبکاتەوە لە رێگەی پشت بەستن بە سیستەمێکی تەواو لە مانگەکانی دەستکرد وتۆرەکانی سەرزەوی کە ویستگەکانی ناردن لە خۆ دەگرێت.

- پێگەی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ بەرزبویەوە دوای ئەوەی راگەیاندن بوە پێشەسازیەکی زەبەلاح کە پێویستی بە توانایەکی گەورە وچەندین ملیۆن دۆلار بو، ئەمەیش وای کرد وڵاتانی پێشکەوتو ودەوڵەمەند بگەنە پێگەی سەرکردایەتی وببن بە پێشەنگ لەم بوارەدا، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر کەم لە گروپە سەرمایەدارەکان وئابووری ڕۆژئاوا کۆنترۆلی بازاری جیهانی بەرهەم هێنان ودابەش کردنی بەروبومەمان وخزمەتگوزاریەکانی رێکلام کردن.

**گرنکترین تایبەتمەندیەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری وپەیوەندی کردنی ئێستا:**

1. کارلێکی (تەفاعلی):

ئەم تایبەتمەندییە بەو ئاستانە دەوترێت کە تیایدا بەشدابووان لە پرۆسەی پەیوەندی کردن، کاریگەریان هەیە لەسەر ئەوانەی دیکە وتوانای گۆرینیان هەیە، هەروەها تایبەتمەندی کارلێکی پێویستە لە سیستەمەکانی پەیوەندی کردن بە شێوەیەك وای لە رەفتاری پەیوەندی کردن دەکات زیاتر ورتر وچالاکتر جێگیرتر بێت بۆ بەشداربووان لە پرۆسەی پەیوەندی کردندا.

2. جەماوەری:

ئەمەیش بە مانای ئەوە دێت کە دەکرێت پەیامەکە بەگەێنرێتە تاکێك یاخود گروپێکی دیاریکراو لەبری جەماوەرێکی فراوان وگەورە هەر وەك لە رابردوو ئەنجام دەدرا. هەروەها بە واتای کۆنترۆلکردن لە سیستەمی پەیوەندی دێت، بە شێوەیەك پەیامەکە راستەوخۆ لە بەرهەم هێنەکەوە دەگاتە بەکاربەرەکە.

3. گرنگی گەیشتن لە کاتی خۆیدا (التزامنیە): بە واتای توانای گەیاندنی پەیام ووەرگرتنی دێت لە کاتێکی دیاری کراودا بۆ تاکی بەکارهێنەر، مەرجیش نییە سەرجەم بەشداربووان سیستەمەکە لە هەمان کاتدا بەکاربهێنن، بۆ نمونە لە پۆستەی ئەلیکترۆنی پەیامەکە راستەخۆ لە لایەن بەرهەم هێنەری پەیامەکە دەنێردریت بۆ وەرگرەکەی لە هەر کات وساتێکدا بە بێ ئەوەی وەرگری پەیامەکە بوونی هەبێت.
4. توانای بوونی جولە (داینامیکیەت): چەندین ئامرازی گەیاندن هەیە دەکرێت لە لایەن بەکارهێنەرەکەیەوە سوودی لێ وەربگرێت بۆ پەیوەندی کردن لە هەر شوێنێکی جیهان بۆ شوێنیکی دیکە لە کاتی لە جولەبووندا وەك مۆبایل یان تەلەفۆنی گوازراو.
5. توانای تحویل کردن (گۆڕین): توانای ئامرازەکانی گەیاندنە بۆ گواستنەوەی زانیاریەکان لە ناوبژیوانێك (وسیط) بۆ یەکێکی دیکە، وەك تەکنیکی گۆرانی پەیامی بیسراو بۆ پەیامی نووسراو وچاپکراوە وبە پێچەوانەی.
6. بلاوبونەوە یان بەرپابوون:

بە واتای بلابونەوەی رێکخراویی سیستەمەی ئامرازەکانی گەیاندن لە چواردەوەرەی جیهان، ولە ناو سەرجەم چنیەکانی کۆمەلگادا.

7. گەردوونی:

ژینگەی بنەرەتی نوێی ئامرازەکانی پەیوەندی کردن بریتیە لە ژینگەیەکی جیهانی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بتوانێت رێرەوە ئالۆزەکان بگرێتە بەر کە تیایدا سەرمایەداری بە شێوەیەکی ئەلیکرتۆنی بلاودەبێت لە ریگەی سنورە نێودەوڵەتیەکانەوە، لە گەڵ چاودێری کردنی رێرەوی دیاردە وڕووداوەکانی لە هەر شوێنێکی جیهاندا.

**ئامانجەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی وئەرکەکانی:**

- ئەگەر راگەیاندن ئامرازێك بێت لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئەوە لەگەڵ ئامرازەکانی دیکە کار دەکەن بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی ئەم سیاسەتە. لە سەرووی هەمویانەوە ئەم ئامانجانە خۆی لە جێبەجێ کردنی بەرژەوەندی نیشتیمانی دەوڵەتدا دەبینێت. هێزی ئەم ئامانجانە بە پێی جیاوازی پێگەی دەوڵەت وڕۆڵی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەگۆردرێت.
- راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە سایەی فاکتەری سەربازی، سیاسی، ئابوری، نێودەوڵەتی لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆیی، بانگەشە وگەنگەشەی هەندێك لە بیروبۆچونی نا راست ودروست دەکات.
- لە کاتی سەرهەڵدان ودروستبوونی قەیراندا، گرنگی سیاسەتی دەرەکی دەگاتە خاڵی لوتکە، وناسینەوەی شتەکان و هەڵوێستەکان وگرنگی بەخشینی هێما ومانا بۆ بارودۆخی ڕۆژگار، ئارەزوی زۆری لەسەر دەبێت.

- پرۆپاگەندە خۆی لە خۆیدا پێویستی بە پەیوەندی بارودۆخێکی سەربازی باشتر وتوانایەکی ئابوری مەعقول وکاری دیبلۆماسی چالاك هەیە، بۆیە دەبێت ئەو پەیوەندیە بەهێزەی کە لە نێوان چالاکی پرۆپاگەندە وبارودۆخەکانی دیکەی وەك سەربازی، ئابوری وسیاسی رەچاو بکرێت.
- بە شێوەیەکی گشتی راگەیاندنی نێودەوڵەتی کار بۆ موبلیزەی رق لێبوون دەکات لە دژی دوژمن وپارێزگاری لە دۆستایەتی دۆستان دەکات وهەوڵ دەدات هاریکاری بێ لایانەن بکات وکار بۆ رووخاندنی ورەی دوژمن دەکات، ئەمەیش لەسەر رەهەندەکانی پلانی پرۆپاگەندە دەوەستێت.
- پێویستە پرۆپاگەندە لەگەڵ داهاتووی پەیامی پرۆپاگەندەکە گونجاو بێت، ئەمەیش بە مانای جۆراجۆر بوونی ئامرازەکانی راگەیاندن ودامەزراوەکانی دێت، پرۆپاگەندە لەسەر تایبەتمەندییەکانی وەرگری پەیامی پرۆپاگەندەکە وەستاوە، ئەمەیش بەشدار دەبێت لە دیاری کردنی چالاکی پرۆپاگەندە.
- راگەیاندنی نێودەوڵەتی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئامانجی یارمەتیدانە بۆ بەشداریکردن لە گەیشتن بە ئامانجەکانی، وبە شێوەیەکی گشتیش ئەم ئامانجانە پەیوەندیان بە جێبەجێ کردنی ئاشتی جیهانی وهاریکاری نێودەوڵەتی هەیە لە ریگەی بلاوکردنەوەی پەیامی راگەیندکاری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.
- بە پێ ئامانج وتوانا وسروشتی ئامرازەکانی رێکخراوەکە، راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ یەکێکی دیکە دەگۆردرێت.

### ئەرکەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی

1. پەیوەندی کردن بە گروپە کاریگەرەکان

- راگەیاندنی نێودەولەتی هەڵدەستێت بە پەیوەندی کردن بە گروپە کاریگەرەکان لە سیستەمە سیاسیە جیاوازەکاندا، وەك پارتە سیاسییەکان، گروپەکانی فشار، گروپەکانی بەرژەوەندی وئەندامانی پەرلەمان ودامودەزگا کاریگەرەکان لەسەر دروستکردنی بریاری سیاسی.
- یەکێك لە خاڵە گرنگەکان کە دەبێت لەبەر چاو بگیرێت، ئاستی هەڵویستی سیاسی دەوڵەتە لە رووی پالپشتی کردنی ڕەها وبێ لایەنی یان هەڵوێستێکی دیکە. ولە رێگەی دیاری کردنی هەڵوێستی سیاسی دەکرێت کار بۆ راکێشانی بکرێت بۆ رێژە ودەرەجەی پالپشتی کردنی شیاو لەبەرژەوەندی ئەو بابەتانە بێت کە خراونەتەروو، دەکرێت هەڵوێستی دەوڵەت ببێتە پێوەر بۆ ئەو شێوازە کە لە ریگەیەوە دەکرێت راگەیاندنی نێودەوڵەتی دەستی تێوەربدات.
- خاڵێکی ئەرێنی پەیوەندی کردن بە گروپە کاریگەرەکان، ئەوەیە بێجگە لە کۆنتۆلکردنی پرۆسەی دروست کردنی بڕیار، ئەندامانی ئەم گروپە بریتین لە کەسانی دەستەبژێر کە کاریگەریان هەیە لە سەر جەماوەر ناو کۆمەڵگاکەیان، وبەمەیش بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پەیوەندی کردن بە جەماوەر جێبەجێ دەکرێت لە رێگەی ئەم دەستەبژێرەوە.

2. پەیوەندیکردن بە جەماوەر

دەکرێت پەیوەندی بە جەماوەر بکرێت لە رێگەی پەیوەندی راستەوخۆ وناراستەوخۆ لە رێگەی موحازەرات، بەستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی، بلاوکردنەوەی چاپەمەنیەکان، رادیو، تەلەفزیون، شانۆ، پێشانگا وگەشت وگوزار.

- ئەم ئەرکە کاریگەری دەبێت لەسەر رای گشتی بە شێوەیەکی گشتی، ئەمەیش کاریگەری دەکاتە سەر وەرگرەکان بە بێ رەچاوکردنی بوونی کاریگەرییان لە سەرە دەرکردنی بڕیار.

**کاریگەری پەیوەندی کردن بە جەماوەر لەسەر ئاستی درێژ خایەن دەبێت چونکە:**

أ. چین وتوێژێکی فراوان وجۆراوجۆر دەکاتە ئامانج  لە سەر ئاستەکاتی فێربوون وبەرژەوەندی وئاراستەکان.
ب. بە شێوەیەك لە شێوەکان گرنگی جەماوەر بە رووداوەکان زیاد دەکات، وهەر چەندە گرنگیان بۆ بابەتێك زیاتر بوو ئەوە چاودێری کردنیان بەراوەر بە بابەتەکانی دیکە زیاتر دەبێت.
ت. پەیوەندی کردن بە جەماوەر پێوییستی بە توانایەکی زۆر وئامرازی جۆراوجۆر وتێچووی بەرز هەیە.
3. ئەرکی نوێنەرایەتی کردن:
- راگەیاندنی نێودەوڵەتی چەندین ئەرکی نوێنەرایەتی کردنی هەیە، ئەویش لە رێگەی نوێنەرایەتی کردنی دەوڵەتەکەی خۆی یان ئەو ریکخراوە کە نوێنەرایەتی دەکات وەك کۆمکاری عەرەبی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بە ئەرکی نوێنەرایەتی کردن هەڵدەستێت.

**راگەیاندنی نێودەوڵەتی وولاتانی دواکەوتوو**

وڵاتانی دواکەوتوو لە نزمی رێژەی چالاکی دەناڵێنێت لەبەر :

1. لاوازبوونی ئاستی توانای دام ودەزگاکانی راگەیاندن.
2. نەناردنی کەسانی بە توانا بۆ ئەم جۆرە وڵاتانە.
3. بلاوبونەوەی بەربەستە ئیداریەکان.
4. نزمی رێژەی توانا ماددیەکان
5. نەبوونی ئامێرە پێشکەوتووە پێویستەکان بۆ زیاد کردنی چالاکی کاری راگەیاندنی ئەم جۆرە وڵاتانە.

**چەند تێبینیەکەی لەسەر راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە وڵاتە دواکەوتووەکان:**

1. گرنگی نەدان بە جیاوازی نێوان ئەرکی راگەیاندنی نێودەوڵەتی وپێداویستیەکانی  وئەرکی راگەیاندنی ناوخۆیی وپێداویستیەکانی.
2. گرنگی نەدان بە جیاوازیەکانی نێوان پلاندانی سیاسی وپلاندانانی پرۆپاگەندە لە سەر ئاستی نێودەولەتیدا.
3. کەمی ژمارەی ئەو کادیرانە کە لە بواری راگەیاندنی نێودەوڵەتی کار دەکەن بە شێوەیەکی دروست.
4. دیاری کردنی کارمەندانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی بە پێ هەندێك مەرج کە پەیوەندیدار نییە بە توانا.
5. نەبوونی باکگراوندێکی ئەکادیمی لە نێوان کادیرانی راگەیاندنی نیودەوڵەتی.
6. لاوازیی دام ودەزگاکانی راگەیاندن.
7. زۆربەی جار جیاوازی لە نێوان پلاندانان وجێبەجێ کردن وچاودێریکردن ناکرێت.
8. نەبوونی توانای ماددی، ولە کاتی بونیشی بە شێوەیەکی تەندروست بە کارناهێنرێت.

**راگەیاندنی نێودەوڵەتی وبەڕێوەبردنی ململانێ**

- هەر ململانێك رەهەندێکی ناوخۆی،هەرێمی ونێودەولەتی هەیە لەگەڵ رەچاوکردنی کارلێکەکانی نێوان فاکتەرەکانی هێز کە ئەمەیش کاریگەری دەبیت لەسەر گەشەسەندنی ململانێ وچارەسەرکردنی.

- توخمەکانی هێزی لایەنە بەشداربووەکانی ململانێ هێزی سەربازی، ئابوری، سیاسی، مەعنەوی ومرۆیی لەخۆ دەگرێت.
- بڕیار دروست کەر، بڕیاری خۆی لەسەر بنەمای کردارە هەست پێکراو وهەست پێنەکراوەکان دروست دەکات. لە توخمە هەست پێنەکراوەکان، تایبەتمەندی دەروونی دروست کەری بڕیار لە لایەن دوژمنەوە وباروذۆخی مەعنەوی هێزەکانی ململانێ کە ئەمەیش کێشە سەرەکیەکەیە رووبەرووی دروست کەری بڕیار دەبێت. بێ گۆمان بڕیارەکانی بەرێوەبردنی ململانێەکان بڕیاری مەصیرین.
- کێشەیەکی دیکە لەم کێشانە کە رووبەرووی پرۆسەی بەرێوەبردنی ململانێ دەبێتەوە، بوونی زیاتر لە یەك لایەن لە تەرفێکی ململانێەکەدا، بۆ نمونە ململانێ نیوان عەرەب-ئیسرائیل کە بریتیە لە دوو لایەنی سەرەکی ململانێ...بەڵام عەرەب زیاتر لە یەك لایەنە ئەمەیش وای کردوە کە عەرەب پێوەیستی بە هەماهەنگی زیاتر هەیە بۆ رووبەرووبونەوەی ئیسرائیل.
- چارەسەکردنی ململانێ، بریتیە لە پرۆسەیەکی ئالۆز وماندوکەر ولە ناخی توخمەکانی هێزەکانی لاینەکان پێکهاتووە، بابەتەکە بریتی نییە وەرگرتنی هەموو شتێك یاخود لە دەستدانی هەموو شتێك، بەڵکو کارەکە بونیاتنراوە لەسەر بنەمای حیساباتی توخمەکانی هێز بە شێوەیەکی گشتی.
- لەوانەیە توخمەکانی هێز ناچار بکرێن هێزی سەربازی بەکاربهێنن یان پەنا ببنە بەر هێزی ئابوری ودیبلۆماسی یاخود بەکارهێنانی هەر سێکیان لە هەمان کاتدا یاخود بەکارهێنانی هێز وفەرامۆش کردنی ئەوەی دیکە.
- لە ئەرکەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی، گواستنەوەی نوخمەکانی هێز کە سەر بە لایەنەکانی ململانێیە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی ولە چوارچێوەیەکی راگەیاندنی گونجاو دایدەرێژێت. راگەیاندنی نێودەوڵەتی هەڵدەستێت بە گواستنەوەی ریگای بەرێوەبردنی ململانێ لە لایەن تەرەفی پەیوەندیدارەوە بۆ رووبەرووبونەوەی تەرەفەکەی دیکە.

**لێرەدا دوو جۆر هێز هەیە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

1. هێزی بەڕێوەبردنی ململانێ+هێزی راگەیاندنی نێودەوڵەتی
2. لاوازی بەڕێوەبردنی ململانێ+ هێزی راگەیاندنی نێودەوڵەتی
3. هێزی بەڕێوەبردنی ململانێ+لاوازی راگەیاندنی نێودەوڵەتی
4. لاوازی بەڕێوەبردنی ململانێ+ لاوازی راگەیاندنی نێودەوڵەتی

- ئەوە تێبینی کراوە کە سیاسەتی دەرەوەی هاوجەرخ دەستی بە پشت بەستن کردوە بە تیمێك لە پسپۆر وراوێژکار، جا سیاسەتی دەرەوە لە ریگەی جێبەجێ کردنی ئامرازی جوراوجۆر وجیاواز:

أ. ئامرازە سیاسییەکان کە بریتین لە نوێنەرایەتی دیبلۆماسی، سەردانە سیاسییەکان وپەیماننامەی دۆستایەتی وجێبەجێ کردنی دیبلۆماسیەتی لوتکە.

ب. ئامرازە ئابوریەکان، گەشەسەندنی بازرگانی نێودەوڵەتی، پێشکەش کردنی یارمەتی وپەخشین وقەرز وکردنەوەی پرۆژەی هاوبەش وناردنی پسپۆران.

ت. ئامرازە سەبرازییەکان، بەکارهێنانی هێزی سەربازی یاخود هەرەشەکردن وئاماژە بە بەکارهێنانی هەرەشەکردن وپێشکەش کردنی یارمەتیە سەربازییەکان.
ث. ئامرازە کۆمەلایەتی وکولتوریەکان، پێشکەش کردنی زەمالەی خوێندن وپالپشتی کردنی پەیوەندییەکانی نێوان دام ودەزگا کولتوری وکۆمەلایەتیەکان لە نێوان وڵاتانی پەیوەندیدار وگۆرینی کتێب وبلاوکرالوەکان وهاندانی گەشتیاران.

**راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەدا**

**ئەم بابەتە لە دوو خاڵی سەرەکیدا دیاری دەکرێت:**

1. راگەیاندنی نێودەوڵەتی وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە.
2. سنوری راگەیاندنی نێودەوڵەتی وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە.

سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێك لە ئەنجامی چەند فاکتەرێك دروست دەبێت:

أ. فاکتەری ناوخۆیی، کە بریتیە لە میراتی مێژوویی، ئادیۆلۆژی، بارودۆخی دیموگرافی، توانای ئابوری، هێزی سەربازی وپێکهاتە وژیان وسیستەمی سیاسی.
ب. فاکتەری کیشوەری، کە بریتیە لە کارلێکی توخمی هێزەکانی لەسەر ئاستی کیشوەری وتوانای مارتێکردنی لەسەر سیاسەتی دەرەوە.
ت. فاکتەری نێودەوڵەتی، بریتیە لە سیستەمی نێودەوڵەتی وتایبەتمەندی، گەشەسەندن ورەهەندەکانی لەگەڵ پەیوەندی نێوان وڵاتە زلهێزەکان وبچوکەکان وتوخمی هێزی لایەنە هاوپەیمانەکان ورادەی کاریگەری لەسەر سیاسەتە جۆراوجۆرەکان.

**سنوری راگەیاندنی نێودەوڵەتی وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە:**

- ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە پالپشتی لە یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی ئامانجە دارێژراوەکەی بە جێ بگەێنن، راگەیاندنی نێودەوڵەتیش بە شێوەیەکی بنەرەتی ئەو بارودۆخانە دەخاتەڕوو کە هەن.
- هەرچەندە سیاسەتی دەرەوە لەسەر بنەمای ورد وزانستی ورێگا گونجاوەکان بگرێتە بەر لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیار، ئەمە ئەوەندە زیاتر یارمەتی راگەیاندنی نێودەوڵەتی دەدات.
- گرنگی راگەیاندنی نێودەوڵەتی وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ وڵاتە زلهێزەکان زیاترە، چونکە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئەم جۆرە وڵاتانە زیاترە.
- ئەو وڵاتانە کە ڕووبەڕووی هەندێك کێشە و دۆزی هەستیار دەبنەوە، گرنگی زیاتر بە راگەیاندنی نێودەوڵەتی دەدەن بۆ ئەوەی هەڵوێست وجولەی بۆ شێوازی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم جۆرە کێشانە روونتر بێت. بۆ نمونە (داگیرکاری یەهودی بۆ خاکی فەلەستین).
- پەیوەندیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان راگەیاندنی ناوخۆیی وراگەیاندنی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی دوای گەشەسەندن وپێشکەوتنی ئامرازەکانی راگەیاند ودروست بوونی ئاژانسەکان بە مەبەستی گواستنەوەی هەواڵ و رووداوەکان لە ناوخۆی وڵاتەوە بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان.
- راگەیاندنی نێودەوڵەتی پێویستی بە توانای ئابووری زۆر بەرز هەیە، ئەم خەڵەش بە روونی وئاشکرا لە کاتی راڤەکردنی هێزی رێکلام و پرۆپاگەندی وڵاتە زلهێزەکان بەدەر دەکەوێت.

**راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا**

راگەیاندنی نێودەوڵەتی بە یەکێك لە ئەرکەکانی ریکخراوە نێودەوڵەتیەکان دادەنرێت، بەڵام ئەم ئەرکە سنوری هەیە ولەبەر ئەم هۆیەشەوە ئەم جوو خاڵە دەخرێتەڕوو:

1. راگەیاندنی نێودەوڵەتی وەك ئەرکێك لە ئەرکەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.
2. سنوری راگەیاندنی نێودەوڵەتی وەك ئەرکێك لە ئەرکەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

**راگەیاندنی نێودەوڵەتی وەك ئەرکێك لە ئەرکەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان:**

- راگەیاندن بە یەکێك لە ئەرکەکانی ریکخراوە نێودەوڵەتیەکان دادەنرێت وئەم ئەرکە بە پێ سروشت، چالاکی، ئەرك ومێژووی رێکخراوەکان دەگۆردرێت.
- لە زۆربەی کاتدا، زیاتر وڵاتە هەژارەکان یاخود بچووکەکان سود لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەردەگرن لە رێگەی پێشکەشکردنی وتەکان لە لایەن نوێنەرەکانیەوە وناردنی نامەوە.
- نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگی بە کێشەکانی پەیوەندی "گەیاندنی" نێودەوڵەتی و گەشەسەندنی بلاوبونەوەی ئازاد و بەرقەرار کردنی هاریکاری ئاشتەوایی لە رێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ. نەتەوە یەکگرتووەکان بابەتی پێناسەی نێودەوڵەتی ئەو مافانەی خستۆتە بەر باس کە لە ئەنجامی راگەیاندنەوە دروست دەبن وهەروەها شێوازی جێبەجێ کردنی لە ئاستی نێودەولەتیشی تاوتوێ کردوە.

ب. ئیدانە ورێسوا کردنی ئەو پرۆپاگەندانە کە هەرەشن بۆ سەر ئاشتی یاخود مافی بنەرەتی مرۆڤ، بابەتێکی دیکەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان خستوتیە بەر باس.

ت. لە ساڵی 1974 بڕیارێکی دەرکرد تیادا ئیدانە وریسوای شێوازە جۆراجۆرەکانی پرۆپاگەندە وئاشتی کرد.

ث. بابەتی رێکخستنەوەی بارودۆخی پەیامنێرە بیانەکان کە فاکتەرێکی گرنگن لە پرۆسەی گەیاندنی نێودەوڵەتیدا، خستۆتە بەر باس. بەتایبەتی لە قۆناغی قەیرانەکاندا، هەروەها ئەنجومەنی گشتی یونیسکۆ کاری لەسەر بابەتی بلاوبونەوەی ئازادی راگەیاندنی کردوە، لەم چوارچیوەیدا لە ساڵی 1966 دا بنەماکانی هاریکاری نێودەوڵەتی رابگەێنێ.

**سنوری راگەیاندنی نێودەوڵەتی وەك ئەرکێك لە ئەرکەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.**

- زۆرینەی ئەو بڕیارانەی کە لە ریکخراوە نێودەوڵەتیکانەوە دەردەچن، جێبەجێ ناکرێن، چونکە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەسەرووی دەوڵەتان نین.
- لە رووی کردایەوە زۆر جار بڕیارەکان دەردەکرین، بەڵام جێبەجێ ناکرێن بە حوکمی ئەو تایبەتمەندیانەی کە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەیانە.
- ئەرکی راگەیاندنی نێودەوڵەتی وەك ئەرکێك لە ئەرکەکانی ریکخراوە نێودەوڵەتیەکان بە پێ سروشت وئەرکەکانی دیاری دەکرێن. بۆ نمونە کۆمکاری عەرەبی چەندین بڕیاری دەرکردوە لە بواری راگەیاندن بەڵام نەیتوانیوە جێبەجێیان بکاتەوە بە هۆی لاوازی ئامێری جێبەجێکردن لە راگەیاندنی عەرەبیدا.

**قۆرغکردن و تەرکیزکردن لە گەیاندنی نێودەوڵەتیدا**

- دونیا بە گشتی بەرەو شکاندنی بەبەربستەکان دەورات و هەروەها چەندین ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری هەوڵ دەدات تایبەتمەندی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە ببپۆشێت.
- تا ئێستایش دەزگاکانی راگەیاندن پشت بە پێنج ئاژانسە نیودەوڵەتیەکە دەبەستێت (رویتەرز، ئەسۆشیەیتد پرێس "ئەمریکا"، یونایتد پرێس "ئەمریکا"، ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی، تاس "روسیا")
- نمونەیەکی جوان بۆ بابەتی قۆرغکردن و تەرکیز کردن لە گەیاندنی نێودەوڵەتی/ لە رووی مێژووییەوە ئاژانسی هافاسی فەرەنسی و رویتەر ولف جیهانی هەوالەکانیان دابەشی سەر ناوچەکانی نفوز کردبو، ئەم سێ هاوبەشە کاریان دەکرد زیاتر قازانج بەدەست بهێنن و پارێزگاری لە بارودۆخی ئەو حکوماتانە بکەن کە لەگەڵیان لە سەر ئاستی ناوخۆدا هاریکاری دەکرد.
- قۆرغکاری نێودەولەتی بۆ هەواڵەکان دوای رێکەوتننامەی هەواڵەکان کە لە ساڵی 1870 واژوو کرا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد، چونکە بە پێ رێکەوتننامەکە جیهان بۆ سەر چەند ناوچەیەك دابەش کرا کە لە هەر ناوچەیەکدا بە تەواوەتی مافەی رووماڵ کردنی هەوالەکان درایە ئاژانسێك بە مەبەستی کۆ کردنی هەواڵ و دابەش کردنی بەسەر لایەنەکان دیکەی جیهان.
- لە پاڵ قۆرغکاری و تەرکیزکردن لە گەیاندنی نێودەوڵەتی، دەزگا نێودەوڵەتیەکان هەواڵ، شرۆڤە وبۆچونەکان لە چواچێوەی ئەو بەرژەوەندیانە دەگوازێتەوە کە بۆی دامەزراوە و کاری لەسەر دەکات، ئەم کێشە یەکێك لە کێشە هەرە گرنگەکان کە وڵاتانەی تازەگەشەپێکراوەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن، چونکە ئەم جۆرە دەوڵەتانە خاوەن ئاژانسی هەواڵی بەهێز نین بۆیە ناچارن پشت بەم جۆرە ئاژانسانە دەبەستن، بەداخەوە تا ئێستا وڵاتە تازەگەشەپێکراوەکان نەیانتوانیوە ئاژانسی هەواڵی تایبەت بە خۆیانەوە دابمەزرێنن کە تەعبیر لە ئامانجەکانیان بکات.

کێشەی ناتەواوی لە جموجۆڵی زانیارییەکان لە سیستەمی گەیاندن وراگەیاندنی نێودەوڵەتی

- سەرجەم پێکهاتەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی لە رووی سیاسی، سەربازی، ئابوری، یاسایی، کولتوری وپەرەسەندنی مێژووی لە سەردەمی لیبرالیزمەوە تاوەکو ئێستا بە هاتووە "مدخلات" سەرەکیەکانی کێشەکەیە.
- راگەیاندن لەسەرە ئاستە نیشتمانیەکاندا بوە بە زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری وسیاسی بە هۆی کاریگەری دەرەنجامە جۆراجۆرەکانی لەسەر گشت ئاستەکانی کۆمەڵگا.
- بە هۆی جیاوازییە بەرچاوەکان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە رووی توانا سیاسی، ئابوری، کولتورییەوە، جیاوازیەکەی روون وئاشکرا دروست بووە لە رووی توانایانەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو زانیاریانەی کە پێویستیان پێیە.
- نەبوونی هاوسەنگی لە جموجۆلی زانیاریەکان دیاردەیەکی گشتییە کە لە نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکان ووڵاتە دواکەوتووەکاندا بوونی هەیە،
- ناوەرۆکی پەیوەندی کردن بابەتێکی هەستیار پێکدەهێنن بە نیسبەت سەرجەم وڵاتانەوە، ئەمەیش بنەمای جیاوازیەکانی نیوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا پێکدەهێنن.
- نابێت سەیری ئەم کێشەیە لە روانگەیەکەی تەکنەلۆژی ڕەهاوە بکرێت، لەبەر ئەوە بوون بە خاوەنی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان لە بواری پەیوەندی وراگەیاندن بە واتای کۆتایی هێنان بە ناهاوسەنگیەکان و دیاردەکانی نایەت.
- هەرچەندە لە هەشتاکانەوە گرنگیدان بە کێشەی ناهاوسەنگی جموجۆلی زانیاریەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەمی کردوە، بەڵام ئەمە بە واتای تەواوبوونی کێشەکە نایەت

بەڵکو بە پێچەوانەوە کێشەکە زیاتر وقولتر بویەوە، کێشەکە لە چوارچێوەی بارودۆخە باوە نێودەوڵەتییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی بەرەو ئالۆزی زیاتر و گەورەتربوون دەروات، بە تایەبتی لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆجیە خێراکان لە بوارەکانی گەیاندی سلکی و لا سلکی.

دەکرێت کێشەی ناهاوسەنگی لە جموجۆلی گەیاندنی نێودەوڵەتی لە رێگەی ئەم بابەتانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

1. کێشەی نا هاوسەنگی لە جموجۆلی راگەیاندن لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.
2. ئەو تیۆرانەی کە جموجۆلی راگەیاند شرۆڤە دەکات.
3. کێشەکانی ناهاوسەنگی لە واقیعی دیراسەتی ئەکادیمی.
4. فاکتەرە کاریگەرەکان لە جموجۆلی گەیاندنی نێودەوڵەتی.

1.کێشەی نا هاوسەنگی لە جموجۆلی راگەیاندن لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی:

- دیاردەی ناهاوسەنگی جموجۆلی زانیاری بە شێوەیەکی روون لە سەرجەم پرۆسەکانی گۆرانکاری زانیاریەکان روودەدات ولەسەر ئاستە جیاوازەکاندا.

- جموجۆلی زانیاریەکان لەچوارچێوەی نێودەوڵەتیدا ئاراستەیەکی ستوونی بنەرەتی لە باکور بۆ باشور و لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکانەوە بۆ تازەگەشەپیدراوەکان دەگرێتە بەر.

- خودی ناهاوسەنگیەکە لە نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکان کەمتر روودەدات لەسەر ئاستی هەرێمی لە نێوان وڵاتە ئەوروپیەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

- جموجۆلی نێودەوڵەتی بۆ گەیاندن تەنیا لە ئاراستەیەکدا روودەدات بە هۆی هەندێك هۆکار کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئیستیعمار (داگیرکاری) وبۆ هەندێك هۆکاری ئابوری کە تا ئێستا بوونی هەیە وبۆ هەندێك کاریگەری شارستانی.

- بەم شێوەیە ناهاوسەنگی هەواڵی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆتە دیاردەیەکی ئاڵۆز وفرە لق لە رووی چەندایەتی وچۆنایەتی وبە چەندین شیوازی جۆراجۆردا لە سەر سەرجەم ئاستەکاندا ئەمانەی خوارەوە بونیان هەیە:

1. تیکچوونی هاوسەنگی لە نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکان ووڵاتە تازە گەشەپێدراوەکان.

2. جیاوازی وناهاوسەنگی لە نێوان خودی سیستەمە سیاسی، ئابوری وگۆمەڵایەتیە جواروجۆرەکاندا.

3.ناهاوسەنگی نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکان کە سەرە بە هەمان سیستەمی سیاسین، بە تاییەتی لە وڵاتە گەورەکان وبچوکەکانی.

4.ناهاوسەنگی نیوان وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان.

5. ناهاوسنگی بەچاو لە نێوان هەواڵە سیاسییەکان وئەو هەوالانەی کە پەیوەندیدارن بە ژیانی کۆمەلایتی وئابوری وڵاتە گەورەکان.

6.وەك نەرێتێك گەورە کردنەوەی هەندێك بابەت بە هەندێك هەواڵی دڵخۆشکەر و هەندێك هەواڵی خراپ.

پێوانەیەکی نێودەوڵەتی یەکگرتوو نییە بتوانرێت پێی ئەم تێکەڵیانە پێوانە بکات، چونکە بەهای هەواڵێك بۆ هەواڵێکی دیکە دەگۆڕدرێت.

دووەم: ئەو تیۆرانە کە راڤەی جموجۆلی زانیاری راگەیاندن دەکەن.

تیۆری کۆنستکراکتیڤیزمی ئیمپریالیزم کە لە لایەن (جۆهان جالتێج)ەوە خرایەڕوو

- بە پێی ئەم تیۆرە سیستەمی نێودەوڵەتی دوو جۆر وڵات لە خۆ دەگرێت:

جۆری یەکەم: وڵاتی پێشکەوتوو کە سەنتەرەکانی ئەم سیستەمە تەمسیل دەکات.

جۆری دووەم: وڵاتە تازە گەشەپێدراوەکان کە دەوروبەری ئەم سەنتەرە پێکدەهێنن.

- وڵاتی سەنتەر و وڵاتی دەوربەر پێکهاتووە لەو لایەنەی کە زۆرترین کاریگەری وهێزی هەیە، بەرانبەر ئەمە هەندێك لایەنی دەوربەر هەیە کە نوێنەرایەتی ئەو کەرتانە دەکات کەمترین گەشەسەندن وپێشکەوتنی هەیە.
- (جالتینج) کۆنستراکتیڤیزمی ئیمپریالیزم بەم شێوەیە پێناسە دەکات (شێوازێکی ئالۆزی هەژموونکردنە کە وڵاتە سەنتەرەکان و وڵاتە دەوروبەر کۆدەکات، تیایدا وڵاتی سەنتەر هەڵدەستێت بە درێژکردنەوەی پرد و دروست کردنی پێگەی پێشکەوتوو بۆ خۆی لە سەنتەرەکانی وڵاتانی دەوروبەر کە لە رووی بەرژەوەندی وگرنگیدانەکانەوە یەك دەگرن.

(جالتینج) بانگەشە و گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

1.بە یەکگەیشتنی بەرژەوەندی و لایەنە گرنگەکانی هەر یەك لە پێگەی وڵاتانی سەنتەر و وڵاتانی دەوروبەر.

.2